# هەڵوێستەیەک لە نێوان بەرەی تیرۆرستان و دژە تیرۆران

٢٠٠٥/٠٧/٢٨
هەژێن

دواندنی دەستەیەک لە تیرۆستانی ئیسلامی لە کەناڵی تێلەفزیۆنەوە و نیشاندانی دیمەنگەلی ترسناک و قیزەون، بۆ بینەری کورد شتێکی کتوپڕ و داچڵەکێنەر بوو، هەر بەوڕادەش ڕۆشنبیران و نووسەرانی بەتوندی تەزاند. ئاخر دەهە و نیوێکە حازرخۆرانی سفرەدڕ، بە هەموو توانایانەوە دەیانەوێت، ئەم واقیعیەتە لە پشتپەردەوە ڕاگرن و ڕاستییەکان چەواشە بکەن. پێشتر لەو بارەوە تێڕوانینی خۆمم خستۆتە ڕوو، لێرەدا خۆم لە دووبارەکردنەوە لادەدەم و ئەوەی دەمەوێت بیدرکێنم چەند سەرنجێکە، کە لە نووسینەکەی پێشوودا بۆ ئەوەی تووشی باسی لابەلایی نەبم، نەچوومە سەریان، هەروەها هەڵوێستی نووسەران پاش ئەم ڕووداوە، چەند باسێکی بۆ سەرنجەکانم کەڵەکە کرد. هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێم، کە من سەرنج و داوەرییەکانم لەسەر بنەمای بڵاوکراوەی دانپیانانی تاوانباران و وێنەکانی سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەی خەبات و سەرنجی نووسەرانیتر لەسەر ئەم ڕووداوە و کەسایەتی  و ڕابوردووی ئەم کەسانە دەخەمەڕوو.

لەبەر ئەوەی کە دەزگەی ئاسایش دەزگەیەکی سەرو خەڵکییە و فەلسەفەی سەرهەڵدانی داپڵۆسینە، بە تایبەت دەزگەی ئاسایشی حکومەتی هەرێم بە هەردوو باڵەکەیەوە، دەقاودەق هەمان دەزگەی سەردەمی بەعسە و بە موو لای نەداوە لەو، ئەگەر واوەتر نەچووبێت؛ هەڵواسین، بە ئوتو سوتاندن، ئەتکی سێکسی، پەتکردن و ڕاکێشان وەک سەگ و سواربوونی ئەشکەنجەدراوان وەک کەر، بەزۆر دانپیادانان و شاردنەوەی ئەشکەنجەدراوانی لەش داڕزاو و داهێزراو لە نوێنەرانی ڕێکخراوە ناوخۆیی و جیهانییەکانی مافی مرۆڤ. ئەمانە تۆمەت نین، ئەمانە ئەو دیمەنانەن، کە خۆم بە چاوی خۆم بینیومن و بەڕێوەبەرانی ئەو سەردەمەش، کەسانێک بوون، کە شوناسنامەی هۆڵەندی و ئاڵمانی و نەمساوییان لە باخەڵدا بوو، واتە کەسانێکی دونیا نە دیتوو و لە ئەشکەوتەوە دابەزی نەبوون، هەڵگری بەڵگەنامەی هاووڵاتیبوونی ولاتانی دیموکراتڕەوا بوون! کەم نەبوون ئەو منداڵە دەستفرۆشانەی کە لەسەر وەرنەگرتنی بیست و پێنج دیناری پان[*]، دەخرانە زیندانی (امن)ە بە ئاسایش کراوەکە و دەبوونە نێچیری زیندانەوانە منداڵبازەکان، کەم نەبوون ئەوانەی کە لەسەر ماچێک تووشی کوشتوکوشتاری خێڵەکی بووبوون و ئەم دەزگە ئاسایش پارێزە، لەژێر ئەشکەنجەدا سەقەتیان دەکردن و ناچاریان بە دانپیانان بە کوشتنی ٣٦ کەسیان دەکردن!

ئەمە ئەو دەزگەیە، کە کەسانێک لە نەزانییانەوە بێت یا بە مەبەستەوە، خوازیارن تۆکمەی بکەن! بۆیە سەرەڕای باوەڕی تەواوم بە تیرۆرستبوونی گشت گروپە ئیسلامییەکان، هەر لە تیرۆری هزرەوە بیگرە تا تیرۆری کولتوری و جەستەیی، هاوکات باوەڕم بە هیچ دادوەرییەک نییە، کە لە سایەی ئەو دەزگە سەروخەڵکییەدا بێتەدی و دەوێرم ئەم نیشاندانانە بە سیناریۆ[**] و شاردنەوەی ڕاستیگەلێک، کە بۆ ئێمە ئاشکرا نین، بچوێنم.

**با پێکەوە لە دیمەنەکان وردبینەوە و وشەکان بخوێنینەوە:**

- لە کاتی دوانددا، تاوانباران، بیسەرێک (سماعة) لە گوێیاندایە، بۆ؟ ئایا ڕاستیگەلێک هەن و دەیانوێت دانپیانەران نەچنەسەری و تەنیا باسی ئەو شتانە بکەن، کە بۆیان ئامادەکراوە، ئایا کەسێک هەیە لە دونیادا پێویستی بە بیستنەوە و وەبیرهێنانەوەی تاوانەکانی خۆی هەبێ؟ ئایا تاوانباران گوێگرانن، پێویستی بوونی بیسەرێک لە کوێدایە؟ ئایا تاوانباران لە زمانی کوردی تێناگەن و پێویستە لە پشتەوەرا پرسیارەکانیان بۆ وەربگێڕدرێتە سەر زمانی دایکییان؟

- ژن***ی شیخ زانا و منداڵەکانی لە کاتی ئەو کۆبوونەوە و نێربازی و ئەتککردن و کوشتن و سەربڕینانەدا لە کوێ بوون، ئایا ئاگایان لەم تاوانانە نەبووە، یا هەبووە و هاوبەشن؟ ئەگەر هاوبەشن بۆ لەدەرەوەی بازنەی لێپرسینەوە و دادگایی کردندان؟ کامە ژن لە کوردەواریدا هەیە پیاوەکەی هێندە گەشتی زۆر و هەمەجۆر بکات، کۆمەڵە لاوێک بەردەوام میوانی بن و فەقێ مزگەوتێ بن و ئەلکول بخۆنەوە، لایان پرسیار نەبێ، هەموو جۆراکانی چەک، بۆنی خوێنی مردوو و کاسێتی سێکسی و کامێرای شاراوە و چی و چی، دڵی پیس نەکردبن، بڵێی هاوسەری یا شێخ ئەو ئازادییەی هەبوو بێ لە دەرە نانی خواردبێ و هەمیشە لە پیاسەی ئێواران بووبێت و ئازادبووبێ کوڕەدۆست و ژنەدۆستی هەبێ، ڕۆڵی گسکی ناوماڵ و کارگەی منداڵخستنەوە (دواجن)ی نەبینیبێ؟ خۆ گەر هەمیشەش وەک ژنەکەی مەریوان لە ماڵی باوکی بووبێت، ئەوا ڕۆژێک یا گومانی دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ ژنی‌تر، یا خەزوورەی دەهاتەسەر زاتی موبارەکی یا شێخ، خۆ ئەگەر یا شێخ لە ماڵی شێخی گەورە (ماڵەبابی) ژیابێ و ڕەبەن بووبێ، ئەوا دووبارە ئەو پرسیارانە خۆیان قوتدەکەنەوە، ئەگەریش بە تەنێ ژیابێ، ئەوا لەناو کوردەواریدا و بەتایبەت لە هەولێرێ، هەرزوو، ئەگەر ئاسایش نەکووتێتە سەری، ئەوا ماڵە جیران و ڕێبواران دەکەنە سەرە تاتکێ و لێکۆڵینەوە. تەنیا لەیەک باردا دەکرێ، ئەم گشتە بێنە و بەردە ڕوویدابێ، بێ ئەوەی گرفتی خێزانی و دەرەکی دروست ببێت، ئەویش ئەوەیە، کە دەزگەی پاراستنی حکومەتەکەی پارتی، خانوویەکی بۆ ئەم مەبەستە خستبێتە بەردەستی و کەس نەیوێرابێ بڵێ بەری چاوت یا شێخی پاراستنی ئیسلام کلی پێوەیە! ئەی ژنی مەریوان، چۆنە دەرودرواسێ بەم بێنەوبەردە نەکەوتوونەتە گومان، کاتێک کە ژنی مەریوان دەچێتە ماڵەبابی و بەدوایدا چەند کوڕو کچی لاو دێنە ماڵیان و ئەم کارەش چەندبارە بووەتەوە؟!

- دانپیانانەکان، بێجگە لە دەبارەکردنەوەی ڕووداوەکان بەگێڕانەوەی هەموویان، هیچی‌تر نەبوو، هیچ پرسیارێکیان ئاراستە نەکراوە، کە گرێی ئەو مەتەڵەمان بۆ بکاتەوە کە ونبوون و سەربڕاوی چەندین جەستەی شێوێندراو لە ماوەی چەند ساڵی پڕ شەڕ و ئاشتیدا، سەرانی حکومەت و ئەم دەزگە سەرو خەڵکییە ناچار بە شوێنپێ هەڵگرتنی تاوانباران و لێپێچینەوە لەو ڕووداوە ترسێنەرانە نەکردووە، تاوەکو مێردمناڵێکی گیان لەسەردەست، لە قەفەز دەردەپەڕێ و پارتی بوونی خێزانەکەی حکومەتەکەی پارتی بە ئاگادێنێ!

- ئەوەی ماوە پەنجەی بۆ ڕاکێشین ئەوەیە، کە کەمتر تیشک خراوەتەسەر ڕووداوی هەڵهاتنی ئەو مێردمناڵەی کە بە جەربەزەیی خۆی توانی هەم تاوانباران لە پشتپەردەوە بێنێتە پێش و هەم پارتی و حکومەتی هەرێمی ناچار بە دانپیادانان بە هەبوونی باندگەلی وا لە سایەی خۆیاندا، کرد. هەروەها لەوەش سەیرتر ئەوەیە، کە پارتی و حکومەتەکەی پاش بەرەڵاکردنی شێخ زانا لە زینداندا، بە وتەی یەکیتی ئەوسا لەسەر تیرۆر گیراوە، کەچی هیچکات پارتی و دەزگە ئاسایشەکەی بە ئەرکی خۆیان نەزانیوە چاودێری کەسێکی وا بکەن، بەڵکو لەبەرامبەردا چاودێری نە یارانی سیاسی – عەلمانی- خۆی و تێکشکاندنی عەرەبانەی دەستفرۆشان و فرێدانە

زیندانی منالآنی دەستفرۆش و گرتنی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوە داخوازیکەر و جەماوەرییەکانی لە ئەستۆ گرتووە.

وردبوونەوە لەم پرسیارانە کە لەگەڵ هەر قسە و دیمەنێکدا، لەگەڵ درکاندنی هەر تاوانێکیاندا مێشکمان دەگوشن و خەو لە چاومان دەزڕێنن و ناچار بەدوای ڕاستییەکانی پشتپەردەی ئەم سیناریۆیانە وێڵمان دەکەن و ئاوەزمان وەگەڕدەخەن. بەش بەحاڵی خۆم. من بەو سەرەنجامە دەگەییێنن، کە وەک زانراوە یا شێخ پێشتر لە لای حکومەتەکەی یەکێتی بە تاوانی تیرۆر، زیندانی بووە - هەرچەندە لەو ساوە تا دەمی ئاشکرابوونی ئەم تۆڕە، حکومەتەکەی یەکێتی نە باسی کردووە و نە ئەو تیرۆرانەی خستۆتەڕوو، لە سایەی حکومەتەکەی خۆیشیدا دەیان باندی وا هەن و چەندین ئەندامی (حکا) و (حدکا) و نووسەر **** و کەسایەتی ئازادیخواز لەسەر دەستیان تیرۆرکراون و یەکیتی بەردەوام وەک بەرخ بۆ پاییزێ قەڵەویان دەکات - و لە ۳۱ی ئۆگوستی ۱۹۹٦دا، بەدەستی کوڕانی پارتی و بەعس ئازاد دەکرێ و ڕێزی هاووڵاتییەکی ئاسایی بۆ دەگێڕدرێتەوە . هەروەها وەک زانراوە بە بنەماڵە پارتی بووە و خۆیشی هەر پارتی بووە و لەژێرەوەش (انصار اسلام) و زۆرێک لە تاوانەکانیان کە هێشتا شاراوەن، دەشێ بۆ پارتی ئەنجامیان دابن و تەنیا کاتێک کەوتوونەتە بەر نەفرەتی پارتی و کە دەرکەوتبێ، ژێرەکی کار بۆ لایەنێکیتر دەکەن و پارتی ناچاربووبێ بۆ سەرلێشیواندنی ئەندامەکانی خۆی و خۆڵکردنە چاوی جەماوەر، بەوەی کە بیسەلمێنێ پارتی لەدەرەوەی ئەم سیناریۆیەدایە!

ئەمە ئەو ئەنجامەیە، کە لە کۆکردنەوەی کەرەستەکانەوە بەدەستی دێنم و ئەو چاوگەیە کە سەرەداوەکان بۆ ئەوێم ڕاکێش دەکەن! هیوادارم کەسانێک کە لەبواری یاساییدا، کاردەکەن و شارەزاییان هەیە، لەم بابەتە زیاتر بکۆڵنەوە و نهێنییەکانی پشتپەردە بدۆزنەوە. لەمبارەوە کەسانێک کە شارەزایی ژیان و هەڵسوکەوتی ئەم تاوانبارانەیان هەیە و زانیاری شک دەبەن، دەتوانن، کارێکی فرە بەنرخ و گەورە و گرنگ بە کۆمەڵگەی کوردستان پێشکەش بکەن، ئەمە ئەرکی هەر هاووڵاتییەکی بەڕێز و ئازادیخوازە، هەر کەسێک کە دەیەوێت، منالەکانی، خوشک و برای، هاوەڵ و دۆست و دراوسێی نەبنە نێچیری بانگەلێکی زۆروزەبەندە تیرۆریستییەکان، کە ڕۆژانە لەناو پارتە سیاسییەکان و دەزگە سەروخەڵکییەکان و فەرمانگە و مزگەوتەکاندا، گەرا دادەنێن و تەشەنە دەکەن!

ئەوەندەی تاوانەکان، داچڵەکێنەرن و ترس دەسەپێنن، هیندەش بۆچوونی هێندێک لە نووسەرانیش، بەرەو ئەو هەوارەمان دەبەن. با سەرەتا سەرنجێک لە تەقینەوەکانی ۱۱ی سێپتەمبەر و چیچان و ئەسپانیا و لەندەن و تد... بدەین و لە کاردانەوەی دەسەڵاتداران و ئامادەیی دەزگە سەرو خەڵکییەکانی ئەم وڵاتانە وردبینەوە و ئەو بەرتەنگیانەی کە بەم بۆنەوە بۆ سەر ئازادییەکانی دانیشتوانی ژێردەستەی ئەم وڵاتانە دروستبوو، بخەینەڕوو؛ ئەوا خواستی تۆکمەکردنی دەزگەی سەروخەڵکی ئاسایش بە پێوەری واقیعیەتەکانی پاش ئەو ڕووداوانە بپێوین. پاش ئەم ڕووداوانە پشکنینی ماڵی خەڵک بەبێ مۆڵەتی دادگە و ڕاگرتنی گومانلیکراوان زیاتر لە ۲٤ کاتژێر و تۆمارکردن و گوێبیستی پەیوەندی تەلەفۆنی، پشکنینی پۆست و سکان کردنی (وێنەگرتنەوەی) پۆستی ئەلەکترۆنی و وێنە و هەر پەیوەندییەک کە بەهۆی ئینتەرنێتەوە بکرێت، دامەزراندنی دەزگەی تایبەتیتری سەروخەڵکی و پێشلێکردنی زۆرێک لە ئازادییەکان، کە پێشتر، بەو ئاسانییە هیچ یەک لەو دەسەڵاتانە نەیدەتوانی خۆی لە بەرتەنکردنەوەیان بدات! لە کوردستانیش - سەرەڕای نەبوونی هەر ئازادییەک، کە لە ئەوروپا و ئەمریکا بە خەباتی چەندین

دەهە بەسەر دەسەڵاتداراندا سەپێنراوە - بڕیارە دیاری گروپە ئیسلامییەکان بۆ کۆمەڵگە هەزار کۆسکەوتووەکەمان هەر ئەوە بێ و ئەو هوشیاری و چاوکرانەوەیە، کە لە ١٥ ساڵی ڕابوردوودا سەری هەڵداوە، پاشەکشێ پێ بکەن، چونکە لە هیچ سەردەمێک و هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا، هێچ ئایینێک دژ بە بەرژەوەندی مشەخۆران نەبووە، بەڵکو باشترین داردەستی چینەچەوسێنەرەکان بووە و هەمیشەش وەک ئێشتا لە نۆکەری دەسەڵاتداراندا جولاوەتەوە و دەجولێتەوە. هەر بۆیەشە جۆرج بوشی دیموکرات و دیکتاتۆرێکی وەک نێجیرەوان وەک یەک ستایشی ئایین دەکەن و هەوڵی پاراستنی دەدەن لە بەردەم بزووتنەوە ئازادیخوازەکاندا!

ئام لەم ساتەدا، دوو دەستە لە نووسەران، کە لە زۆرخاڵدا هاوبەشن، خوازیاری دەزگەی سەروخەڵکی تۆکمە و پیادەکردنی یاسا و پتەوکردنی بنەماکانی دەوڵەت دەکەن.

دەستەی یەکەم ئەوانەن، کە هیچ گرفتێکیان لەگەڵ حکومەتی مشەخۆرانی (بۆرژوازی) کورد نییە و هەموو گرفتەکان لەوەدا دەبیننەوە کە ئەم دەزگەیە تۆکمە نییە و دەبێت، تۆکمە بکرێت. لێرەدا دەکرێت بپرسین ئایا دەزگەکانی سەروخەکی ئەوروپا و ئەمریکا و ولاتانیتر تۆکمە نین، کە هەمیشە وەک سەنێرگە باشترین شوێنی دژەخون (جاسوس)، مافیا، بازرگانانی کەرەستەی بێهۆش، مناڵباز و بەرتیلخۆری و ڕاسیستین؟ ئایا ئەمە هەر ئەوە نەبوو، کە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا خەونیان پێوە دەبینی و ئیسلامییەکان بۆیان هێنانەدی و دەزگەیەکی تریان لە پاڵ (CIA) و (FBI) دا قوتکردەوە و کەوتنە تۆکمەکردنی دەزگەکانیان بە سەرکوتی ئازادییەکانی جەماوەر؟ ئایا خودی تووندوتیژی و باندباندێن، بەرهەمی ئەم تۆکمەیە نین، کە هەندێک لە نەزانییانەوە بێت یا بەمەبستەوە خوازیاری دروستکردنیان لە کوردستان؟

ئەرکی پاراستنی ئاسایشی هاوولاتیان ئەرکی خۆیانە و لەڕێگەی ئەنجوومەنەکان (سۆڤیەتەکان)ی شوێنی کاروژیانیانەوە، بەهەڵبژاردنی ئازادانەی کەسانی دڵسۆز و شارەزا لە لیژنەی تایبەتی ئەو کاروبارانەدا، مسۆگەرکەری ئاسایشێکە، کە هاوولاتیان دەپارێزێت، نەک دەزگەی سەروخەڵکی و لانەی تلیاکفرۆش و مافیا و تیرۆریستی ئیسلامی و مناڵباز و ملهوڕ! ئەمەش تەنیا لە سەندنەوەی بەڕێوەبەرایەتییە لە بۆرژوازی و پارتە سیاسییەکانی و جێگرتنەوەی بە بەڕێوەبەرایەتی خۆیی و فیدراڵی – مەبەست لە بەناو فیدراڵی بۆرژوازی نییە، کە بریتییە لە دابەشکردنی کورسییەکانی دەسەڵات- ئازاد. تا ئەو کاتەش کە ژێردەستانی کۆمەڵگە بەم هوشیاری و توانایە دەگەن، ئەوا خەباتی بەردەوامی جەماوەری بۆ سەپاندنی یەک بەیەکی ئازادییە گشتی و تاکە کەسییەکان، ئەرکی دەستبەجێ و چارەنووسسازە، ئەوەی کە هاوچارەنووسانمان لە ئەوروپا و ئەمریکا بە خەباتێکی بەردەوام و دوورودرێژ بەسەر کلیسا و کەنیسە و پارلەمانەکانی بۆرژوازیدا سەپاندوویانە، ئەمە ڕێگەچارەیە نەک تۆکمەکردنی دەزگەی سەروخەڵکی بەڕێزان! ئەرکی کەسانی ڕۆشنبیر و هوشیار، ئاگادارکردنەوەی جەماوەرە لە ئاکامی دیاردە و ڕووداوەکان، هەڵخراندیان لە دەوری داخوازییە گشتی و هاوبەشەکانیان، گواستنەوەی ئەزموونی گەلانیتر بۆیان و ئاشناکردنیان بە مێژوویەک، کە دەسەڵاتداران بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت، بیشێوێنن، نەک داواکاری فرەتر دەسەلاتبەخشین بە دەزگە سەروخەڵکییەکان و چاوەدێرییان بەسەر چرکە بە چرکەی ژیانی هاوولاتیانی ئاساییەوە!

دەستەی دووەم، ئەو چەپانەن کە دەهەونیوێکە دەیانەوێ سواری ملی بزووتنەوەی جەماوەری بن و پاگەندەی سەرگەردانی کوردستان و نەبوونی دەوڵەت و یاسا دەکەن! لە وەڵام بەم کەسانە

دەکرێ بپرسین، ئەگەر جۆرێک لە دوڵەت ( لە چوارچێوەی عیراقی دانپیانراودا)، حکومەت، یاسا نەبووە و کۆمەڵگە سەرگەردان بووە، بۆ ئێوە داخوازینامەی بنکە و ڕێکخراو و ڕۆژنامەتان بەو چەتانە پێشکەشکرد، بۆ بۆ یادکردنەوەی دامەزراندنی پارتەکەتان پێویستان بە مۆڵەتی هەر ئەو ئاسایشە هەبوو، کە باندەی یا شێخ لە ناوەندیدا بوو، بۆ حکومەتە سکیولاریستە سەربەخۆکەی خۆتان ڕانەگەیاند، بۆ دادگەی جەماوەریتان بۆ بکوژانی هاوڕێیان« نەزیر عومەر» ، «شاپور» ، «قابیل» و پێنج قوربانییەکەی رادیۆکەتان دانەنا، بۆ ڕادیۆتان پێچایەوە و کۆڕەوتانکرد؟ ئایا ئەمانە دەسەڵاتی خێڵ بوون یا حکومەتی هاوچەرخ، ئەمانە تفنەگچی ئاغا بوون یا دەزگەی ئاسایشی تۆکمە؟ ئەمانە لە چوارچێوەی سونەت و ڕێسای هۆزدا بەسەرتاندا سەپێنران یا لە چوارچێوەی بەند و پەرەگرافەکانی یاسای بەعسیە عەرەب و کوردەکانی دەوڵەتی عیراق و سنووره جوگرافیەکەیدا؟ کێ سەرگەردانە کوردستان یا ئێوە؟ ئەوە ئێوە بوون لە سەرگەردانیدا لەبری ڕەخنە لە سیستەمی سەرمایەداری و بۆرژوازی کورد و بەڕێوەبەرایەتییەکانی، ڕەخنەتان لە کەسی تاڵبانی و بارزانی دەگرت، ئەوە سەرگەردانی ئێوە بوو، کە پێتانوابوو لەبری خەباتی مەیدانی و هەمەلایەنەی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی و هونەری و تد، بەجنێودان بە پەیامبەری ئیسلام ئایین لە دەوڵەت جیا دەبێتەوە! ئێوە هێندە سەرگەردان بوون، نەتاندەزانی بەر ڕەخنەی ڕابەرەکەتان (لینین) لەمەڕ ئایین، دەکەونەوە و تەنانەت پاشڕەوی ڕۆشنبیرانی وردەبۆرژوازی دەکەن! ئاسایشی هاولاتیان لە ڕوخانی دەسەلاتی سەروخەڵکیدایە، کە لە دەوڵەت و حکومەتدا کۆدەبێتەوە، یاسای مرۆیی تەنیا لە ڕەوایەتی ژیانی ئاسایی جەماوەری ژێردەستەوە، لە ئازادی تاکەکانی کۆمەڵگەوە، لە چوارچێوەی ئازادییە گشتییەکان و سڕینەوەی یاسا جەنگەڵییەکاندایە، کە گشت پارتە سیاسییەکان خوازیارینی؛ یاسای سەروەری چینێک، توێژێک، پارتێک، دەستەیەکی پیشەسیاسی!

لە ئەدەبیاتی کوردیدا و لە دەمی ئیسلامییەکەوە بیگرە تا چەپێک، کۆمەڵێک دەستەواژە هەن، کە بەهەڵە بەکاردەبرێن و بەهەڵە بەکاربردنیان بۆ بەلارێدابردنی ئاوەزی خەڵک و لاوازکردنی هوشیاری چینایەتییە؛ (نەبوونی یاسا) ، (بێ ئەخلاق) ، (کوشتنی وەحشیانە) ، (لە سێدارەدانی شۆڕشگێڕانە)، کە بێماناترین واژەگەلن لە زمانی کوردیدا بوونەتە باو و کەسانی نەشارەزاش هونەرنماییان پێوەدەکەن. بەکاربردنی ئەم واژانە لە پاش دەرکەوتنی باندەکەی (انصار سنة)وە ڕیکۆردی شکاندووە. لێرەدا ناتوانم خۆم لە تیشکخستنە سەر ناوەڕۆکی ئەم واژانە لادەم و بەپێویستی دەزانم بەو بەرێزانەی کە لە نەزانییەوە ئەم وشەگەلە بەکار دەبەن بڵێم، لە کامە سەردەمی مێژوویدا و لە کوێی گۆی زەویدا کۆمەڵگەی بێ یاسا هەبووە و کامەیە؟ دەکرێ بڵێین ئەم یاسایە دژ بە مرۆڤە، بەلام کۆمەڵی بێ یاسا تەنانەت لە هەرە سەرتاییترین قۆناخەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، بوونی نەبووە، بەڵکو هەر ئەوەی کە ئەنگۆ بە نەبوونی یاسای نێو دەبەن، بۆ خۆی یاسایەکە و خزمەت بە چینێکی تایبەتی کۆمەڵ دەکات، ئەوەی کە باندەکەی یاشێخ پێیهەستاوە نایاسایی نییە و لە سەداسەد بەرهەمی دڕندەیی یاساکانی بۆرژوازییە، هەر بۆیەشە سەرانی پارتی و حکومەتەکەیان بە هەموو توانایانەوە بەرگری لە ئیسلام دەکەن ، کە بۆخۆی ڕەوایەتی بەم توندووتیژیانە دەبەخشێت! ئایا مرۆڤ هەیە کە بێ ئەخلاق بێ، یا کاری بێ ئەخلاقانە هەیە؟ بەکاربردنی واژەی بێ ئەخلاق بۆ (لا اخلاقی)ی عەرەبی، بە ئاشکرا دیارە و بەمجۆرە بەکاربردنی لەلایەن مەلاکانەوە، فرەتر بۆ شیواندنی هزری خەڵکە و زەمینەسازی بۆ مانەوەی خۆیان وەک نوێنەرانی ئەخلاق. (لا اخلاقی) بە مانای بێڕەوشتی دێ و بێڕەوشتیش بوونی نییە و هەموو تاک و کۆمەڵێکیش هەڵگری ڕەوشتێکە، کە ڕەنگدانەوەی هزریەتی. ڕەوشتی زاڵیش، ڕەوشتی چینی سەروەرە و پارێزەرەکەی دەسەڵاتە، کە ئایین وەک داردەستی دسەلات لە

لوتکەیدا دەوەستێت! کوشتنی وەحشیانە، دڕندانە، بێبەزەییانە، نامرۆڤانە، ئەگەر ئەدەبیاتی چەپ بپشکنی، لێوالیوە لەم گاڵتەجارییە بە مرۆڤ، ئاخر کوشتن کەی مرۆیی، نادڕندە، مەدەنی، بەبەزەیی بووە؟ کوشتنی مرۆیی، مەدەنی، بەسۆزانە، دڵنەرمانە، کامەیە، کە نووسەرانێک دەیانەوێت لە ئاوەزی ئێمەدا جێی بۆ خۆش بکەن و بیکەنە مۆدێلێکی هاوچەرخ و ڕەوایەتی پێ ببەخشن؟ سێدارەش واوەتر و خراپتر لەوە، لە سێدارەدانیش لە سێدارە دانە، چ شۆڕشگێڕێک پێیهەستێت چ دژە شۆڕشێک، بوونی سزای سێدارە، نیشانەی جەنگەڵی بوونی کۆمەڵگەکەمان دەبەخشێت، پێمان خۆسبێت و پێمان ناخۆشبێت و ئەمریکا نموونەی ئەو کۆمەڵە جەنگەڵیانەیە لەم سەردەمەدا!

سەرەنجام، ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لە سەروەری چینایەتی (دەوڵەت و حکومەتەکانی)، لە یاسا جەنگەڵییەکانی چەوسانەوە، لە گرەوی خەباتی جەماوەریدایە، خەباتێک کە فێرگەی هوشیاربوونەوەی جەماوەرە و لە هێزگرتیندا متمانە بە ژیردەستانی ڕاپەڕیو دەبەخشێت، کە دەست بۆ ڕاپساندنی کاروبارەکان لەچنگ سەروەران و ڕێکخستنەوەیان بەهۆی یەکەکانی خۆبەڕێوەبەرایەتی، ئەنجومەن (سۆڤیەت)ەکانەوە، ئەو ئەنجومەنانەی کە تەنیا بە هۆی ئامادەیی ڕاستەوخۆی جەماوەر و بڕیاردان و جێبەجێکردنی خۆییانەوە، زیندوو ڕادەگیرێن و بەشداری پەیگیرانەی جەماوەر فیلتەری پاڵاوتنیانە لە مافیا و ماناڵباز و زۆرخواز و ملهوڕان، لە کەسایەتی (ئۆتۆریتە) سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی و نەژادی و خێڵەکی!

* ساڵی ١٩٩٢، لە سەروبەری ڕاگەیاندنی فیدراڵییەتی کوردستان ١٩٩٢/١٠/٠٥ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ڕۆژێک کە لەسەر بڕیاری پارلەمانی هەرێمی کوردستان پەلاماری هێزەکانی (PKK) تێدا درا، بیستوپێنج دیناری پان وەرنەدەگیرا.

** مەبەست لە سیناریۆ، بێتاوانی باندەکەی شیخ زانا و ناتیرۆریستبوونی گروپە ئیسلامییەکان نییە، بەڵکو شێوازی پرسیار و لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی ڕاستییەکان و دەستچینکردنی ئەوانەیان کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران و شاردنەوەی ئەوانەیان کە هەبوونی دەستی حکومەت و پارتە فەرمانڕەواکان لەپشت ئەم باندانەوە دەشارێتەوە.

*** لێرەدا پێم ڕاسترە کە وشەی ژن بەو مانایەی کە ئیسلام بۆ ژنی بە شووداوی دەبەخشێت، واتە موڵکی سەروەرەکەی بەکاربهێنم، چونکە وشەی هاوسەر واژەیەکی نوێیە و فرەتر کەسانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز بەکاری دەبەن و بە پیاویش هەمان واتا دەبەخشێت.

**** (حکا) حزبی کۆمونیستی ئێران، (حدکا) حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە نێو نووسەراندا تیرۆری فەرهاد فەرەج، کە بە ئاشکرا دەستی (النهضة الاسلامية)ی تێدا بوو و لەلایەن دەسەڵاتی یەکێتییەوە دیزە بە دەرخونە کرا.